کتێبەکەی د.محەمەد ئیحسان هی خۆیەتی یان نوسەرێکی تر خاوەنیەتی؟

ئا: ئاوێنە

بەپێی بەراوردی پسپۆڕانی بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی، وەزیری مافی مرۆڤی ئیدارەی هەولێر کتێبی یاریدەدەرێکی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکای بەناوی خۆیەوە بڵاوکردۆتەوە بێئەوەی لەهیچ شوێنێکی کتێبەکەدا ئاماژە بەناوی نوسەرە راستەقینەکەی بکات. لەبەرامبەر ئەمەشدا وەزیری مافی مرۆڤ دەڵێت: "ئەوەی من کردوومە دەقاودەق ئەو کتێبە نییە، یەکێک لەسەرچاوەکانم ئەوەیە". نەنوسینی ناوی راستەقینەی نوسەرەکەش دەگێڕێتەوە بۆ هەڵەی چاپ.

کتێبی "الصراعات الدولية في القرن العشرين: دراسة تحليلية" کە کتێبێکە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیو د.محەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤ لە ئیدارەی هەولێر ساڵی ٢٠٠٠ بڵاویکردۆتەوەو لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراسەوە لە هەولێر چاپ کراوە، بەتەواوی لە کتێبی گەورە نووسەری ئەمەریکی، (جۆزێف نای) دەچێت کە وەرگێڕدراوەتە سەر هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

ئەم کتێبە لەلایەن دوو نووسەری میسریەوە (د. احمد امين الجمل)و (مجدی کامل) وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (المنازعات الدولية: مقدمة للنظرية و التاريخ)و لەلایەن (الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بەرواری یەکەم چاپی عەرەبیش (١٩٩٧)ە. لەساڵی ٢٠٠١دا، لەلایەن هەر دوو نووسەر (ئاسۆ کەریم و کامەران مەنتک) لەژێر ناوی "ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە سەدەی بیستەمدا" کراوە بەکوردی و لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

نووسەری راستەقینەی کتێبەکە ناوی "جوزیف ئێس. نای Joseph S. Nye"ە، ناوی کتێبەکەش (Understanding International Conflicts: An Introduction to Theory and History)یە، ساڵی ١٩٩٣ یەکەم چاپی بڵاوکراوەتەوەو تائێستا پێنج چاپی هەیە. ناوبراو راگری کۆلیژی "جۆن کنیدی"یە بۆ زانستە حکومییەکان لە زانکۆی "هارڤارد" لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. پێشتریش سەرۆکی ئەنجومەنی هەواڵگری نیشتمانی ئەمەریکیو یاریدەدەری وەزیری بەرگری بووە لە ئیدارەی "بیل کلنتۆن"دا. نووسەری ژمارەیەک کتێبو لێکۆڵینەوەی گرنگو بەرچاوە، بەرادەیەک لەگەڵ "رۆبیرت کۆهین"ی هاوەڵیدا بە خاوەنی بیردۆزێکی تایبەت لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ناسراون. وتارەکانی زۆرنو لە رۆژنامەکانی "نیۆیۆرک تایمز"و "واشنتۆن پۆست"و "وۆلستریت"دا بڵاویان ئەکاتەوە، ئەمە جگە لە سایتە جۆربەجۆرەکانی ئینتەرنێت. بەشێکی بەرچاوی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی دونیاو لەوانەش زمانی عەرەبی.

د.محەمەد ئیحسان تەنانەت ناوی نووسەرە راستەقینەکەی لە لیستی سەرچاوەکانیشدا نەنووسیوەو نوسیویەتی "ئەمە دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەو خوێندنانەیە کە لەکاتی خوێندنی ماستەر پێی هەستاوم". ئەوەتا لەپێشەکی کتێبە عەرەبیەکەدا دەڵێ "هذا الجهد المتواضع الذى بين أيديكم هو حصيلة بحث و دراسة مضنية قمت بها خلال مراحل دراستي للماجستير فى كلية الدراسات الشرقية والأفريقية و الدكتوراه فى معهد الدراسات العربية و الإسلامية لذا فالطابع الأكاديمي التحليلي هو الطاغي عليه أكثر من الوصف السردي".

جوزیف نای نووسەری راستەقینەی کتێبەکە لە پێشەکی چاپی سێیەمی کتێبەکەیدا ئەڵێت: "بۆ نووسینی ئەم کتێبە پشتم بە میتۆدی ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا بەستووە، کە بۆماوەی زیاتر لە ١٠ساڵ لە زانکۆی هارڤارد، وەک بەشێک لە مەنهەجی خوێندن بە خوێندکارانم وتوەتەوە".

الفهرست

المقدمة 13

الفصل الاول
هل هناك منطق ثابت للصراعات فى العالم؟
تقليدان نظريان: الواقعية والليبرالية 15
ما هي السياسة الدولية؟ 16
منظوران للسياسة الفوضوية 19
بناء الكتل 22
الحروب البيلوبونيزية 26
رواية قصيرة لقصة طويلة 27
اسباب ونظريات 29
حتمية وضلال المستقبل 33
الاسئلة الاخلاقية والسياسة الدولية 37
الحدود التي تقيد الاخلاق في العلاقات الدولية 39
وجهات نظر ثلاث في دور الاخلاق 41

الفصل الثاني
أصول الصراعات الكبرى في القرن العشرين
الانظمة الدولية وستويات التسبب 49
ستويات التحليل 51
الانظمة البنيوية وعملية التكوين 54
الاهداف والادوات الثورية والمعتدلة 56
بنية وعملية تكوين نظام القرن التاسع عشر الدولي 57
ذيول حديثة 60
السياسة الداخلية والسياسة الخارجية 61
الليبرالية الجديدة 63

المحتويات

تمهيد ١٣
الفصل ١ : هل هناك منطق ثابت للنزاع فى السياسة الدولية ١٥
تقليدان نظريان : الواقعية والليبرالية ١٥
ما هى السياسة الدولية ١٦
نظرتان إلى السياسة الفوضوية (الاناركية) ١٨
عناصر البناء ٢٢
الحرب البيلوبونيزية ٢٥
مختصر لقصة طويلة ٢٥
الأسباب والنظريات ٢٨
الحتمية وظلال المستقبل ٣٢
المنازعات الدولية
المسائل الأخلاقية والسياسة الدولية ٣٦
حدود الاعتبارات الأخلاقية فى العلاقات الدولية ٣٧
ثلاثة آراء حول دور الأخلاق ٣٩
الملاحظات ٤٦
قراءات مختارة ٤٧
قراءات إضافية ٤٧
أسئلة الدراسة ٤٨
الفصل ٢ : أصول المنازعات الكبرى فى القرن العشرين ٤٩
المنظومات الدولية ومستويات السببية ٤٩
مستويات التحليل ٥١
المنظومات : التكوين وآلية العمل ٥٤
الأهداف والوسائل الثورية والمعتدلة ٥٥
تكوين وآلية عمل منظومة القرن التاسع عشر ٥٧
نتيجة فى العصر الحديث ٦٠
السياسة الداخلية والسياسة الخارجية ٦١
الليبرالية الجديدة ٦٣
الديمقراطية الليبرالية والحرب ٦٧
تعريف المصالح القومية ٦٩
تغييرات فى السياسات الخارجية ٧٠
حقائق مضادة ٧١
المعقولية ٧٢
التقارب الزمنى ٧٣
الارتباط بالنظرية ٧٣
العقبة ٧٤

بەشێک لە پێڕستی کتێبەکەی د. محەمەد ئیحسان

جۆزێف نای کە لە میسر کراوە بە عەرەبی

وەک بەشێک لە مەنهەجی خوێندن بە خوێندکارانم وتوەتەوە".

وەزیری مافی مرۆڤ لە کۆتایی پێشەکییەکەیدا سەبارەت بەتەواوبوونی کتێبەکە سوپاسی زیاتر لە ٢٥ کەسی کردووە لەپسپۆڕانو مامۆستایانی زانکۆو دۆست وهاوەڵانی تا دەگاتە کارمەندانی چاپخانەکە هاوکارییان کردووە تا کتێبەکە گەیشتۆتە دەست خوێنەر. هەروەها دەڵێت: "وأنتهز الفرصة أن أوجه شكري الوافر إلى رئيس حكومة إقليم كوردستان الاستاذ الأخ نيجيرفان البارزاني على توفير التسهيلات اللازمة لطبع هذا الكتاب، ورعايته الكريمة لحركة الثقافة و اهتمامه بضمان حرية التعبير و النشر أمام نتاجات الكتاب و الباحثين الكورد في كافة بقاع العالم".

جێی ئاماژەیە کە هەردوو وەرگێڕە کوردییەکە بەدانپیانانی خۆیان کە شارەزای ئەو بوارە نین لە پێشەکییە چەند دێڕییەکەیاندا دەڵێن: "ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا، باس لە گرنگی بابەتی کتێبەکەو تاچەند کەلێنێ لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ دەکاتەوە ناکەین، هەڵسەنگاندنی کتێبەکە بۆ خوێنەران جێ دەهێڵین و وەک دەڵێن با کتێبەکە شەرعی خۆی بکات".

کەمالی سەید قادر

دادگاییەکی نهێنیو دادگاییەکی ئاشکرای کراوە

د. کەمال سەید قادر لەمۆڵی دادگادا

ئاوێنە، هەولێر: لەهۆڵێکی تەپوتۆزایی دادگای شاری هەولێردا کە پێدەچوو ماوەیەکی درێژ هیچ جۆرە دادگاییەکی تیادا ئەنجام نەدرابێت، کەمالی سەید قادر چووە ناو قەفەزی تۆمەتبارکردنەوەو یەکەمین دادگایکردنی بەئاشکرا دەستی پێکرد. ئەم دادگایکردنە بەئامادەبونی زیاترلە ١٠٠ ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنوسو هاوڵاتیو ناوبراو بەڕێوەچوو.

لەم دادگایکردنەدا کە پێش نیوەڕۆی یەکشەممە دەستی پێکرد، چوار بابەتی بڵاوکراوەی ناوبراو لەناو هۆڵی دادگا خوێنرایەوە کەڕەنگە سەرجەم دادگایکردنەکانی لەسەر ئەو جۆرە نوسینە بێت، کە بەتەشهیر لەلایەن سکاڵاکەرانییەوە تەماشا دەکرێت کە بەرامبەر حکومەتو کەسایەتیو حزب کراوە .هەر دوای ئەم خوێندنەوەیە داگاییەکە دواخرا بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو، کەمالی سەید قادریش دووبارە ئاسایشەکانی شاری هەولێر بردیانەوە بۆلای خۆیان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتوون، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٩ بەبێ ئاگاداریکردنەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندو خزمو کەسو کارەکانی، ناوبراو لە بەشی جینایەتی دادگای هەولێر حوکمی ٣٠ ساڵ زیندانی بەسەر درابوو، بەڵام پاشان لە ٢٠٠٦/١/١٩ دوای ئەوەی دادگای تێهەڵچونەوە تەماشای مەلەفەکەی دەکات، هەڵە لەمەلەفەکە دەدۆزێتەوەو بەدادگاکەدا دەچێتەوە.

ئاراس سەید قادر خوشکی کەمالی پاشان لە کۆتا دێڕدا ئەڵێن: "خوا دەزانێ هەر ئەوەندەمان لێ زانیوە، خوا یاربێ لە چاپی دووەمدا، ئەگەر ماین، دەستی پیا دەهێنینەوە".

لەمبارەیەوە د. محەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤی ئیدارەی هەولێر بەئاوێنەی ڕاگەیاند کە ئەو کتێبەکەی جۆزێف نای وەک یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی نوسینەکەی خۆی بەکار هێناوە، هەروەها وتی: "ئەوەی من کردوومە دەقاودەق ئەو کتێبە نییە، یەکێک لەسەرچاوەکانم ئەوەیە، بەڵام جیاوازی نییە لەبۆچوونەکانی جۆزێف نای، من دەڵێم هەرکەس باسی پەیوەندی نێودەوڵەتی بکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ جۆزێف نای. من یەک تەن سەرچاوەم نوسیوە، بەڵام چاپخانەکە لێیان دەرهێناوەو نەیانخستووەتە ناویەوە لەبەر ئەوەی موشکیلەی زمانی ئینگلیزیان هەبووە. من ئیشارەتم بە هەموو ئەوانە کردووەو لەزۆر جێگە وتومە سەرچاوەی کتێبەکەم جۆزێفە، من جۆزێف بەشەخسیش دەناسم".

لەبارەی هاوشێوەیی کتێبەکەوە، د. محەمەد ئیحسان وتی "دەتوانن بەراوردی بکەن، زۆر شتی تیایە نزیکی سیاغەی ئەو کتێبەیە، من ٧ بۆ ٨ مانگ پێوەی خەریک بووم، من لەهیچ شوێنێکیش نەموتووە ئەمە ماستەرەکەمە، بەڵکو وتومە ئەمە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەیە لەکاتی خوێندنی Islamic and Arabic (Institute لەزانکۆی ئێگسیتەر کارمان ئامادەم کردووە".

د.ئەنوەر محەمەد فەرەج هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانداو مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی، لەبارەی ئەم دوو کتێبەوە وتی: "من هیچ جیاوازیەکم نەبینی لەنێوان ئەم دوو کتێبەدا، هەر ئەوەندە نەبێت د.محەمەد هەندێ لەزانیاریەکانی ناو کتێبەکەی جۆزێف نای نەنوسیوەتەوە. لەوانە، لەهەر شوێنێکدا جۆزێف نای باسی خۆی کردبێت لای بردووە. هەروەها وێنە فۆتۆگرافیەکانی لابردووەو نەخشەکانی وەک خۆی بەئینگلیزی سکان کردووەتەوەو دایبەزاندووەو تەنها هەندێکی لێکردوون بەعەرەبی. بۆ سەرچاوەکانیش جۆزێف نای لەکۆتایی فەسڵەکاندا ناوی سەرچاوەی داوە ئەو سەرچاوانەش کە د. محەمەد داویەتی هەڵبژێردراوی هەندێک لەسەرچاوەکانی ناو کتێبەکەی جۆزێف نایە، بەتەواوی کتێبەکەش کە ٢٨٦ لاپەڕەیە یەک جار ناوی جۆزێف نای نەهێناوە تەنانەت لەلیستی سەرچاوەکانیشدا".

سەید قادر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەیەوێت سەرجەم دادگاییەکانی کەمالی برای بە ئاشکرا بێتو هیوایشی خواست بەزووترین کات ئازاد بکرێت.

گۆڤەند بابان پارێزەری کەمالی سەید قادر لەدوای دانیشتنی یەکەم کە بەئاشکرا ئەنجام درا وتی: "تاوەکو ئێستا یەک کەس نەهاتووە شکات لەسەر دکتۆر کەمال تۆمار بکات" هەروەها وتی: "من دەڵێم دەبوایە ئیفراج بکرایە".

گۆڤەند بابان لەکاتی دادگایکردنەکەدا داوای لەدادوەر کرد کە دەبێت ئەو نوسینانەی وەک تۆمەت بەرامبەر کەمالی سەید قادر ئاراستە دەکرێت دەبێت ڕونبکرێتەوە کە لەچ مێژوویەکدا بوون.

پارێزەرەکەی کەمالی سەید قادر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەئایندەدا نوێنەرانی حکومەتی نەمسا ئامادەیی دادگایکردنەکە دەبێت بۆ چاودێریکردنی ووردی دادگاییەکە.

کەمالی سەید قادر بەپێ ی قسەی خوشکەکەی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٠ لەنەمساوە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، دوای چوار ڕۆژ لەهاتنەوەکەی یەکێک لەقوتابیەکانی بەتەلەفون پەیوەندی پێوەدەکات بۆ قسە کردن لەسەر هاتنەوەکەی" بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا ئاسایش دەیگرێت تاوەکو ئێستاش هەر ئازاد نەکراوە".

دکتۆر کەمال تەمەنی ٤٨ ساڵەو تاوەکو ئێستا ماڵو منداڵی پێکەوە نەناوەو یەکێکە لەو دکتۆرە کوردییانەی کە چەند زمانێک دەزانێت.

کورتە هەواڵی کوردستان

تەرمی هاوڵاتییەکی ئێرانی دەدۆزرێتەوە

چوارقورنە، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/١٩ تەرمی هاوڵاتییەکی دانیشتوی شاری سەردەشتی ئێران لەچوار قورنە بەسەر ئاوەوە دۆزرایەوە.

هاوڵاتییەکە کە ناوی "ر.ح" تەمەن ٢٠ ساڵە، لە ٢/١٦وەوە لەماڵی خۆیان لەسەردەشت دەرچووە.

کرێکارێک دەسوتێت

رانیە، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/٢٧ لەبەنزینخانەی بورهان لەرانیە کرێکارێکی ١٥ ساڵ بەناوی "ه.ع" سوتاو گواستراوەتەوە نەخۆشخانە.

ناوبراو کرێکاری بەنزینخانەکەیەو لەکاتی تێکردنی گازی سەیارەیەکو بەکارهێنانی ئاگرەوە جەستەی گرپگرتووەو ڕێژەی سوتاوییەکی ٧%، ئێستا لەنەخۆشخانەی رانیە لەژێر چاودێری پزیشکدایە.

هاوڵاتییەک بەتۆمەتی دزینی ٥٠ مسقاڵ ئاڵتون دەستگیر دەکرێت

رانیە، ئاوێنە: بەتۆمەتی دزینی ٥٠ مسقاڵ ئاڵتون، ڕۆژی ٢/١٩ هاوڵاتییەک دەستگیردەکرێت پاش ئەوەی سکاڵایەک لەلایەن "م.ع"وە لەدژی تۆماردەکرێت.

ئەو بڕە ئاڵتونە لە شاری رانیە لەماڵی ئەوەی دووەمیان دزراوەو سەرچاوەیەک لەبەشی لێکۆڵینەوەی پۆلیسی رانیە وتی بەلێنامەیەک لەنێوانیاندا نوسراوە کە ئەو ئاڵتونە یاخود بەخەملاندنی بەپارە بگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

منداڵێک ئەخنکێت

سەیدسادق، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/٢٤ منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵ بەناوی بەهرۆز کەمال کەوتە ناو ئاوی چەمی چەقانەوەو گیانی لەدەستدا. ناوبراو یەکەم منداڵی خێزانەکەیەتیو بەهۆی زۆری ئاوی چەمەکەوە لەتەنیشت ماڵی خۆیان لەسەیدسادق خنکاوە.

خورماڵو سەروچاوە بەڕێوەبەری ناحییەیان نییە

خورماڵ ــ سەروچاوە، ئاوێنە: ماوەیەکی زۆرە هەردوو ناحییەی خورماڵو سەروچاوە بەڕێوەبەری ناحییەیان نییەو بەرپرسی پۆلیسی ئەو ناوچانە بەوەکالەت کارەکانیان دەکەن.

لەڕۆژی ٢/٧وەوە بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کراوە بە قائمقامی هەڵەبجەی شەهیدو لەو کاتەوە خورماڵ بەبێ بەڕێوەبەری ناحییە ماوەتەوەو موقەدەم ئەنوەر بەرپرسی پۆلیسی خورماڵ کارەکان دەبات بەڕێوە.

لەلایەکی تریشەوە ماوەی دوو مانگە ناحیەی سەروچاوە بەهەمان شێوە بێ بەڕێوەبەرەو لەبری ئەو نەقیب موراد بەرپرسی بنکەی پۆلیسی سەروچاوە بەوەکالەت کارەکان بەڕێوەدەبات.

پۆلیسێک بەهەڵە دەکوژرێت

کفری، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/٢١ لەشارۆچکەی قەرەتەپەی سەربە قەزای کفری لەکاتی دەرچووندا پۆلیسێک بەهەڵە پۆلیسێکی تر دەکوژێت.

ئەم رووداوە لەکاتی دەرچوونی مەفرەزەیەکی پۆلیس رووداوە کە پۆلیسێک چەند فیشەکێک لەچەکەکەی دەرچووەو بەر پۆلیسێکی تر کەوتووەو کوشتوویەتی.

ژنێک دەسوتێت

هەولێر، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/٢٧ لەگەڕەکی ئاشتی شاری هەولێر ئافرەتێک بەهۆی سوتاوییەوە گیانی لەدەستدا. ئافرەتەکە ناوی "خ.ا" تاکو ئێستا هۆکاری سوتانەکەی روون نەبۆتەوە.

کچێک دەسوتێت

هەڵەبجەی تازە، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/١٨ کچێک بەناوی "خ.م" تەمەن ١١ ساڵ سوتاو ڕۆژی ٢/١٩ لەنەخۆشخانەی ئیمیرجنسی گیانی لەدەستدا. ناوبراو دانیشتوی هەڵەبجەی تازەیە لەکاتی نانکردندا لەبری نەوت بەنزینی بەکارهێناوەو پیایدا تەقیوەتەوە.

لەکەرکوک مەرقەدێکی شیعە دەتەقێنرێتەوە

کەرکوک، ئاوێنە: لەگوندی بەشیری خواروی کەرکوک،پاش ئەوەی ڕۆکێتێک بەر منارەکەی دەکەوێت، مەرقەدی ئیمام ڕەزا دەتەقێتەوە.

ڕۆژی ٢/٢٥ منارەو گومەزی مەرقەدی ئیمام ڕەزا دەڕوخێت، پاش ئەوەی دوو ساروخی جۆری کاتیۆشا بەر مەرقەدەکە کەوتووە، کەجگە لەزیانی ماددی هیچ جۆرە زیانێکی گیانی نەبووە، بەپێی لێدوانی پۆلیس، ئەو رووداوە بووەتە هۆی کەوتنەوەی بارگرژی لەنێوان تورکمانە شیعەکانی ئەو گوندەو عەرەبە سوننیەکانی ناوچەکە، ئەو بارگرژیەش یەک ڕۆژ بەردەوام بووەو پاشان چارەسەر کراوە.

ئۆتۆمبیلێک دەکەوێتەوە ئاوی بەرسیرین

سۆران، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/٢٧ ئۆتۆمبیلێکی دەبڵ کابینە کەوتە ناو ئاوی بەرسیرین لەنزیک گوندی بەرسیرینی سەر بەقەزای سۆرانو یەکێک لەسەرنشینەکانی ئاو بردیو شۆفیرو سەرنشینێکی تری بەسەختی براینداربوونو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشو زێرەڤانی گواسترانەوە نەخۆشخانە.

گەنجێک دەسوتێت

رانیە، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/١٦ خوێندکارێکی ١٨ ساڵ بەناوی "د.م" بەهۆی سوتاوییەوە گیانی لەدەستدا. ناوبراو دانیشتوی شاری رانیەیە، لەڕۆژی ٢/١١ لە نزیک ماڵی خۆیان خەریکی برژاندنی گۆشتبووە، بەهۆی بەنزینەوە گڕی گرتووە.

ژنێک دەسوتێت

قەڵادزێ، ئاوێنە: ڕۆژی ٢/١٧ ژنێک بەناوی "ک.د" لەگەڕەکی جوتکانی شاری قەڵادزێ بەهۆی تێکردنی نەوتی زۆپاوە سوتاو برایە ماڵی باوکی لە گوندی قەرەنی ئاغای سەر بەشاری رانیەو دواتر لەڕۆژی ٢/٢١ گیانی لەدەستدا بەبێ ئەوەی ببرێتە نەخۆشخانە، ناوبراو یەک منداڵی هەیە.